# "هێزە مەدەنییەکان" و هەڵبژاردنی پارێزگاکان

12-12-2023

### نووسەرەکان

د. یاسین تەها

**کورتە :** دەشێ ئەم هەڵبژاردنەی کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ بەڕێوە بچێت و نزیکەی 6 هەزار کاندید تێیدا ر کابەری دەکەن ، وەك دەرفەتێکی جومگەیی تەماشا بکرێت بۆ ئەو هێزە مەدەنییە نوێیانەی کە لە چوار ساڵی ر ابردوودا سەریانهەڵدا وە ، چونکە ئە و هێزانە کە نەیانتواتی بە بژاردەی "شۆڕشگێڕی" لە تشرینی 2019دا بنەماکانی پرۆسەی سیاسی عێراق بگۆڕن ، ئێستا لە پاش ئەزموونی بەشداری لە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەران ، لەبەردەم ئەزموونی بەشداری لە ئەنجومەنە خۆجێیەکان دان کە چوار ساڵ بەر لە ئێستا ، بەهۆی ر ق و تو و ڕەیی خۆپیشاندەران و تۆمەتبارکردنیان بە گەندەڵی ، بە ئیرادەیەکی جەماوەری و پاشان بە بڕیاری پەرلەمان هەڵوەشێنران ەوە و پەکخران .

ڕەنگە بۆ هێزە نوێ و مەدەنییەکانی عێراق کە خۆیان بە درێژکراوەی گوتار و بەرنامەی خۆپیشاندانەکانی تشرینی 2019 دەزانن، هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە 18ی کانوونی یەکەمی 2023، دووڕیانێک بێت لە نێوان پووکانەوەی زیاتر، یان دەستخستنی بنکەیەکی جەماوەری و هێزی بڕیار لە ئەنجومەنە خۆجێییەکان. ئەگەریش دەرفەتی ئەوەیان هەبوو لەم هەڵبژاردنە خۆیان بسەلمێنن، ئەوا یارمەتیدەریان دەبێت بۆ سەرکەوتنی زیاتر لە هەڵبژاردنی 2025ی پەرلەمان، هەڵبەت پێچەوانەکەیشی، ئەنجامێکی دیکەی دەبێت.

دەشێ ئەم هەڵبژاردنەی کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ بەڕێوە بچێت و نزیکەی 6 هەزار کاندید تێیدا ڕکابەری دەکەن، وەك دەرفەتێکی جومگەیی تەماشا بکرێت بۆ ئەو هێزە مەدەنییە نوێیانەی کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا سەریانهەڵداوە، چونکە ئەو هێزانە کە نەیانتوانی بە بژاردەی "شۆڕشگێڕی" لە تشرینی 2019دا بنەماکانی پرۆسەی سیاسی عێراق بگۆڕن، ئێستا لە پاش ئەزموونی بەشداری لە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەران، لەبەردەم ئەزموونی بەشداری لە ئەنجومەنە خۆجێیەکانداندان کە چوار ساڵ بەر لە ئێستا، بەهۆی ڕق و تووڕەیی خۆپیشاندەران و تۆمەتبارکردنیان بە گەندەڵی، بە ئیرادەیەکی جەماوەری و پاشان بە بڕیاری پەرلەمان هەڵوەشێنرانەوە و پەکخران.

هێزە مەدەنییەکان لە دەستپێکی ئامادەکارییەکانی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتو بوون لە پێکهێنانی هاوپەیمانی "قيم المدني" وەك چەترێك بۆ هێزە "گۆڕانخواز و دیموکراسییەکان"، بە بەشداری 10 لایەن کە ناسراوترینیان حیزبی شیوعی عێراقییە و پەرلەمانتار سەجاد سالم و د. عەلی ئەلڕەفیعی وەك هاوسەرۆکی دیاری کران، بەمەش بازیاندا بەسەر بەربەستی 1.7ی سیستمی هەڵبژاردنی سانت لیگۆی هەموارکراودا. هەموارەکەش سەپێنراوی زۆرینەی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە بوو بۆ ڕێگرتن لەسەرکەوتنی هێزە بچووکەکان لە هەڵبژاردن. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا، دەشێ دوورەپەرێزی سەدر و ڕەوتە جەماوەرییەکەی لە هەڵبژاردنەکە، وەك دەرفەتێك بۆ ئەو هێزە مەدەنییانە تەماشا بکرێت کە دەیانەوێت لەگەڵ هێزە مەزهەبی و نەتەوەییەکان ڕکابەری بکەن، بە تایبەت کە ئەوان لە قۆناغەکانی ڕابردوودا ماوەیەك هاوپەیمان بوون. بەڵام دەبێ ئەوەش لە پێشچاو بگیردرێت کە بەهۆی ئەوەی خودی سەدر پێداگرە لەسەر بایکۆت و شوێنکەوتەکانی مکوڕن لەسەر چۆڵ هێشتنەوەی بنکەکەکانی دەنگدان، ئەگەر کەمە هێزە مەدەنییەکان بتوانن لە بنکە جەماوەرییەکانی سەدر سوودمەند ببن، بەتایبەت کە ساردی و گرژییەکانی ماوەی ڕابردوو لە نێوان هەردوولا هێشتا وەك خۆیان ماون.

هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا هێزە بچووك و پەرتەوازەکان گیرۆدەی ئەوەن کە جەماوەرەکەیان کۆك نیە لەسەر گرنگی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، ئەمیش لە ژێر کاریگەری دوو هۆکار: یەکەمیان، گومانە زۆرەکانی سەر گرنگی و بایەخی بەشداری لە سایەی نەبوونی مەرجەکانی هەڵبژاردنێکی بێگەرد و ئازاد. دووەمیشیان، ئەو ئەزموونە هەژار و پڕ لە پشێوییەی کە پەرلەمانتارانی هێزە نوێ و مەدەنییەکان لەم خولەی ئێستادا پێشکێشیان کردووە کە پەرتەوازەیی و بێ سەروبەری و لاوازی بەسەریدا زاڵە. ئەم بانگەشەی بایکۆت کردنە لە هەڵبژاردنی گشتی 2021 یشدا زیانی بەرچاوی لە هێزە مەدەنییەکان دا، چونکە بەشێك لە بنکە جەماوەرییەکانیان لەژێر کاریگەری بانگەشەیەك بوون کە پێیوایە پێویستە "تشرین" وەك بەها و بنەما بهێڵرێتەوە و نەکرێتە ژمارەیەك لە ناو ژمارەکانی پەرلەمان. هەروەها زۆر دەگوترا کە چوونە ناو یارییەکی نابەرامبەر لەسایەی نەبوونی هەلی یەکساندا سوودی نییە، بەشداری کردنیش لە هەڵبژاردن زیاتر پرۆسەکە بۆ ڕکابەرەکان جوانتر دەکات تا ئەوەی خزمەت بە ناڕازییەکان بکات.

لەم هەڵبژاردنەدا هێزە مەدەنییەکان لە 12 پارێزگا بە 400 پاڵێوراو بەشدارن، ڕکابەری سەرەکی ئەوانیش لەنێو 50 هاوپەیمانی و 296 حیزبی بەشداردا، هێزە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هاوئاهەنگین لەگەڵ بنکەی جەماوەری هەندێك لە پارێزگارەکانی ئێستا لە شارەکانی نێوەڕاست و باشووری عێراق. هەرچەندە هێزە مەدەنییەکان پەرتەوازە و ناکۆکن و هاوپەیمانییەکەیان زیاتر ڕواڵەتی و کاتییە، بەڵام هاوتای ئەمەش هێزەکانی چوارچێوەی شیعی جگە لە کەرکوك و نەینەوا، لە پارێزگاکانی دیکەدا بەسەر چوار هاوپەیمانی و جەمسەری سەرەکیدا دابەش بوون بە سەرۆکایەتی (مالیکی، عامری _ خەزعەلی، حەکیم _ عەبادی، هومام حەمودی)، ئەو یەکڕیزییەشی هەیانە تەنیا بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و پارێزگا فرە پێکهاتەکانە.

کێشەی گەورە بۆ هێزە مەدەنییەکان بە پلەی یەکەم باڵادەستی هێزەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە و نابەرامبەری تەرازووی هێزە بەو پێیەی ئەوان حوکمڕانن و دەزگاکانی دەوڵەتیان لە بەردەستە. بەدوای ئەمەشدا مەسەلەی ڕێژەی بەشداری مەترسییە لەسەر هەردوولایان، چونکە ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە سەدرییەکان جگە لە بایکۆتی خۆیان، هەوڵدەدەن ئەوەندەی بتوانن ڕێگرببن لە بەشداری چالاکانەی دەنگدەران لەو جێگایانەی کە دەتوانن. هەروەها جۆرێك لە بێ هیوایی و دڵشکانیش هەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردن لەناو جەماوەردا و بەشداریی کەمی هەڵبژاردنی (2021)یش نموونەیە. لەم هەڵبژاردنەشدا زیاتر لە 7 ملیۆن کەس نەچوون بۆ وەرگرتنەوەی کارتی بایۆمەتری و 16 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە لەکۆی 23 ملیۆن، ئەمەش زیاتر لە هێزە سیاسی و تایفییەکان زیان لە بەرژەوەندی هێزە مەدەنییەکان دەدات، چونکە ئەو ڕێژە کەمەشی کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن، زیاتر جەماوەری ئاراستەکراو و ئەندامانی حیزبەکان و خەڵکانی سوودمەندن لێیان، یان ئەوانەن کە بە پاڵنەری مەزهەبی و نەتەوەیی یان بەرامبەر بەخشین و سوودی ماددی ڕاستەوخۆ دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەمانەش بەشێکن لە میکانیزمی هێزە دەسەڵاتدارە گەورەکان بۆ

کۆکردنەوەی دەنگدەران.

جگە لە هێزە سیاسییە تەقلیدییەکان، لە ئێستاشدا هێزە مەدەنییەکان کێشەی حیزبە درووستکراوەکانی پارێزگارەکانیشیان بۆ زیاد بووە کە لە پۆستدان و بەهێزترینیان(ئەسعەد ئەلعیدانی) پارێزگاری بەسرەیە. هاوشانی ئەوەش هاوپەیمانییەك هەیە بەناوی "الأساس" کە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان موحسین مەندەلاوی سەرۆکایەتی دەکات و ئەویش لە هەمان بازنە و رووبەری هێزە مەدەنییەکاندا چالاکی و بانگەشە دەکات. بەهۆی پشتیوانە دەستڕۆیشتووەکانی لیستەکە و پێگەو پۆستی مەندەلاویشەوە توانای هەیە هێزە مەدەنییەکان تەنگەتاو بکات.

بەپێی زۆرێک لەو ئاماژانەی کە بەردەستن چانسی هێزە مەدەنییەکان و میراتگرەکانی تشرین لاواز دێتە بەرچاو بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی بەرچاو لەم هەڵبژاردنەدا. هەڵبەت ئەگەری سوپرایز هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە. هۆکاری ئەم رەشبینییەش جگە لە کێشە نێوخۆییەکانی ئەم هێزانە، پێداگری هێزە گەورەکانە لە هێشتنەوەی چوارچمکی پرۆسە سیاسییەکە لە دەستی هێزە شیعە باڵادەستەکان لەم قۆناخە، ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی تواناکانی دەوڵەت لە لایەك و بەکارهێنانی گوتاری تایفی و مەزهەبی لەلاکەی تر. ئەمە جگە لە بەکارهێنانی گوتاری خێڵەکی لە ناوچە گوندنشین و داخراوەکان کە فاکتەرێکی بەهێزی تاقی کراوەیە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق.